# هاوڵاتیبوون

# دەسـەڵات .. بەشداری سیاسی

**لەبڵاوکراوەکانی**
**پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن** KIE

**چاپی یەکەم** **٢٠٠٤**

ناوی کتێب: هاولاتیبوون، دەســـەلات، بەشـــداری سیاسی.

تـــیراژ: (١٦٠٠) دانە.

ژمارەی سپاردن:  (٤٦٧)ی ساڵی (٢٠٠٤)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێسپێردراوە.

نەخشە سازی: هادی حمە رضا

لەبلاوکراوەکانی پەیمانگای کوردی بۆهەڵبژاردن زنجیرە(٩).

لەسەر ئەرکی رێکخراوی NED ئەمریکی چاپکراوە.

مـــافی لەچاپدانەوی پارێزراوە بۆ رێکخراوی KIE

# ئەم نامیلکەیە بۆچی؟

**وەك دەزانین ئێستا مرۆڤی ولاتەکەمان لەیەك کاتدا بەدوو پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەو خۆدروستکردنەوەی چەمكو تێگەیشتنەکانی خۆیدا تێدەپەڕێت، مەبەست لەیەکەمیان هەڵوەشاندنەوەی میراتییەکی دیکتاتۆرییانەی تاریکی دەیان ساڵەیە کەحیزبو دەوڵەت تێیدا گەورەترین گەمەکەرو بگرە تاکە سەرچاوەی هەموو دەسەلاتەکانیش بوونو کۆمەڵگەیان گەیاندبووە ئاستی سڕینەوەو بەتەواوەتی داگیریانکردبوو، لەکاتێکدا پرۆسەی دووەمیان، کەدروستکردنەوەی عەقڵو کەسایەتییە، هەرگیز ناتوانێت بەئاکامەکانی خۆی بگات ئەگەر پرۆسەیەکی سەراپاگیرانەی هۆشیاری لەپشت ئەو هەڵوەشاندنەوەیە نەبێتو چەمکەکانی دنیای ئەمڕۆی هاوچەرخ بەهەموو چینو توێژەکانی ئەم کۆمەڵگەیە ئاشنا نەکرێت تاکو لەوێوە هاولاتییەکی بەرپرسو قسەکەر، نەك بێدەنگ، دروست ببێت کەچیدی هیچ کام لەدەوڵەتو حیزبو گروپەکان نەتوانن هاولاتی بەبچوکترین بوونەوەر بزاننو خۆشیان بەهەموو شت.**

**دەبێت ئەو راستییە بزانین کەدەسەلاتەکان هەمیشە لەوێوە دیموکراسی دەبن کەکۆمەڵگە رێگەی دیکتاتۆریبوونیان لێدەگرێتو سنورەکانی زەبروزەنگیان بەرتەسكو کاڵ دەکاتەوە، کەدیارە گەیاندنی دەوڵەتو فەرمانڕەوایان بەم بڕواو قەناعەتە، پێش هەر شتێك، پێویستی بەهۆشیارکردنەوەی هاولاتیانە بەچەمکەکانی وەك "هاولاتیبوون"و "بەشداری سیاسی"و "دەوڵەتی دامودەزگا"و "شەفافیەتو بەرپرسیارێتی"و بنەماکانی هەڵبژاردن" کەسەرلەبەری ئەمانە ناوەڕۆكو ناونیشانەکانی ئەم نامیلکەیە پێکدەهێننو، دەتوانین بڵێین بوونو پەیڕەوکردنی ئەم چەمکانە لەسەر ئاستی دەسەلات پێوەری سەرەکین بۆ جیاکردنەوەی دەوڵەتێکی دیموکراتی لەدەوڵەتێکی دیکتاتۆریو شمولی، هەروەکچۆن لەسەر ئاستی تاکەکەسیش زانینو کارپێکردن بەم چەمکانە پێوەرە بۆ جیاکردنەوەی کەسێکی هۆشیارو چالاك لەکەسێکی نەزانو خەمسارد بەرامبەر بەخۆیو کۆمەڵگەکەی.**

**ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە کەئەم نامیلکەیەی بەردەستت دەکەوێتە خانەی یەکێك لەچالاکییەکانی پرۆژەیەکی بەرفراوانی هۆشیاری مەدەنییەوە، کەتایبەتە بەبەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کارمەندانی نێو دامودەزگاکانی دەوڵەت تاوەکو چیدی کارمەندانیش وەك بکەرێکی نێو دامودەزگا مۆدێرنەکان پەیوەندی نێوان خۆیانو دەوڵەت بزاننو ئەو میکانیزمانەش بناسن کە رێگەدەگرن لەوەی دەسەلاتداران بەشێوەیەکی خراپ دەسەلاتەکەیان بەکاربهێننو، تەنها ئەو رێگەیە لەبەردەم دەسەلاتدا دەهێڵنەوە کەکاری چاکە بکات، کەئەمەش نەك لاوازی ناکات بەڵکو بەهێزیشی دەکاتو پێبەندییەکی راستەقینەش لەلای کارمەندەکانی دروستدەکات.**

# هاوڵاتیبوون

نەبوونی هۆشیاری پێویست لەنێو هاوڵاتیان سەبارەت بەچەمکی هاوڵاتیبوون و بوونی چەندین کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم بڵاوبوونەوەو ناسینی ناوەڕۆکی ئەو چەمکە لەواقیعدا، بەهۆی باڵادەستبوونی تاکڕەویی حیزبی و نەبوونی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری سەربەخۆو میراتی دیکتاتۆری لەعێراقدا بەگشتی و ڕەنگدانەوەی ئەو میراتە لەکوردستانی عێراقدا. هەروەها نەبوونی خول و وانەوتنەوەی کراوەو قەیرانی ڕۆشنبیری سیاسی سەبارەت بەماف و ئەرکەکانی هاوڵاتی لەچوارچێوەی کۆمەڵگەو دەوڵەتدا هاوڵاتیان نەیانتوانیوە هۆشیارییەکی پێویست بەمافە بنچینییەکانی خۆیان فێربین و دەرك بەمافەکانیان و ئەرکەکانی دەوڵەت و خۆیان بکەن و دواجار بەشێوازی جیاجیا داکۆکی لەمافەکانی خۆیان بکەن، لەبەرئەوە قسەکردن و ڕاڤەکردنی چەمکی هاوڵاتیبوون لەم چرکەساتەدا پێویستییەکی ژیاریی و مرۆییە بۆ کۆمەڵگە بەگشتی و هاوڵاتیان بەتایبەتی، هەربۆیە تا ئەمڕۆکە قسەیەکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوەو لەلایەن حکومەت و ڕێکخراوەکان و خودی هاوڵاتیانیشەوە کاری جیدی بۆ نەکراوە.

## ئامانجی بابەت

ڕونکردنەوەی چەمکی هاوڵاتیبوون لەسەر ئاستی تیۆری و گەشە مێژووییەکەی، سوودو گرنگی هاوڵاتیبوون و ئەگەری ڕەنگدانەوەی لەواقیعی خۆماندا، هەروەها ئامادەکردنی کادری بەتوانا و لێهاتوو لەڕێکخراوە جەماوەری و نێوەندە هەستیارەکانی کۆمەڵگە کەشارەزایی ئەو چەمکەی هەبێت و ببنە پردی گواستنەوەی چەمکە مەدەنی و دیموکراتییەکان لەناو خەڵکیدا.

## پوختەی بابەت

١- چەمکی هاوڵاتیبوون لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کەگرنگترین ڕەگەز لەوڵاتدا دانیشتوانی ئەو وڵاتەیە، نەك خودی وڵات یان ئەو دروشمانەی کەبەشان و باڵی وڵات و بەرژەوەندییە باڵاکاندا هەڵدەدەن و هاوڵاتیان لەیاد دەکەن. چونکە بەر لەسەرهەڵدانی چەمکی هاوڵاتیبوون، کەچەمکێکی کۆمەڵایەتی- سیاسی- یاساییە، وڵات بوونێکی ناوەندی هەبووەو دەبووایە هاوڵاتیان بکەونە خزمەتی. بەڵام لەڕاستیدا ئەوە تەنها دروشمێك بوو کەدەسەڵاتداران و بڕیاربەدەستان بەکاریان دەهێنا تا ڕێژەی هەرە زۆری دانیشتوانی وڵات بخەنە خزمەت خۆیانەوە.

لەحکومەتە نادیموکراتەکاندا هاوڵاتیان دەکەونە دەرەوەی بەرژەوەندییەکانی حکومەت و حیزبی دەسەڵاتدارەوە، تەواوی هاوڵاتیان دەخرێنە نێو خزمەتێکی کوێرانەی وڵات و حیزب و دامودەزگاکانییەوە، کەواتە لەدەوڵەتە دیکتاتۆرو نادیموکراتەکاندا شتێك نییە بەناوی هاوڵاتیبوون و مافەکانیان، بەڵکو بچوکترین بونەوەر هاوڵاتییەو، گەورەترین بوونەوەریش حیزب و حکومەتە.

٢- لەڕووی یاساییەوە"هاوڵاتیبوون"، واتە چونیەکی یاخود یەکسانی هاوڵاتیان لەمافەکانیاندا لەبەردەم یاسای گشتی وڵاتدا. واتە هیچ هاوڵاتیەك لەهاوڵاتییەکی تر زیاتر نییە، ئەمەش پێویستە لەڕووی یاساییەوە پشتگیری لێبکرێتو دووربێت لەهەر وادەو بەڵێنێکی تاکەکەسی یان حیزبیو مەرجەکانی خولقاندنی ئەم بارە بەندە بەبوونی دادوەرییەکی سەربەخۆو ئازادەوە کەلەسەروو هەر دەسەڵاتێکی سیاسیو حیزبیو تایەفەگەریو تاکڕەوییەوە بێت.

٣- هاوڵاتیبوون چەمکێکی دنیای نوێیەو پەیوەندییەکی پتەوی بەچەمکی ( کۆمەڵگەی مەدەنی)یەوە هەیەو لەپەیوەندییەکی پتەویشدایە لەگەڵ ( دەوڵەتی نەتەوەیی)دا، ئیتر دانیشتوانی ئەو دەوڵەتە هەڵگری هەر شوناسێکی نەژادی یان ئاینی یان مەزهەبی بن، گرنگ نییە، چونکە دەبێت دەوڵەت داماڵراو بێت لەهەموو ئایدیۆلۆژیاو حیزبایەتییەکی دیاریکراوو لەسەرو هەموو دەستەو گروپێکیشەوە بێتو هەرئەمەشە وادەکات هاوڵاتیان مافی چوونیەکیان لەبەردەم یاسادا هەبێت.

مایکڵ والزەر پێیوایە دەکرێت مانایەکی بەرفراوانتر ببەخشین بەخودی وشەی هاوڵاتیبوونو بۆ ئەو مەبەستەش باس لەمافی ( ئەندامێتیبوون – membership ) دەکات، یان مافی پێبەندی(انتماء) بۆ کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، ئەو پێبەندییەی کەئەو مافو گرەنتیو جیاوازییانە دەسەلمێنێت کەتایبەتمەندی دەبەخشن بەئەندامانی ئەو کۆمەڵەو پرۆسەی خەملێنی داخوازییە دیموکراتیەکانیش دەستەبەردەکەن.

٤- مەرج نییە پێبەندی خۆی لەخۆیدا دیموکراسییەت بێت، چونکە کاتێك دەگوترێت فلانە کەس ئینتمای بۆ فلانە کۆمپانیا یان رێکخراو یان حزب هەیە، ئەوە هیچ هۆشیاریەکی دیموکراتی لەپشتەوە نییە*، بەڵام مافی ئەندامێتی مرۆڤ فێری ئەوە دەکات هۆشیار بێت بەرامبەر مافو ئەرکەکانی خۆی لەوڵاتدا یان لەو دەزگایەی کاری تێدا دەکات، واتە بایەخی مافی ئەندامێتی لەوەدایە کەدژی پاشکۆیەتیەو دەستەبەری رستێك ماف دەکات بەرامبەر رستێك ئەرك. بەمانایەکی تر هەروەك چۆن کاتێك مرۆڤ دەبێتە ئەندام لەکۆمپانیادا دەبێت مافەکانی خۆی بەرامبەر ئەرکەکانی بزانێت، بەهەمان شێوە کاتێك مرۆڤ دەبێتە ئەندام لەوڵاتدا یاخود کۆمەڵگە دەبێت بزانێت ئەو مافانە کامانەن لەکۆمەڵگەدا هەیەتی تاوەکو ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات، لەکاتێکدا نیشتمانپەروەری وەك دروشمێك داوا لەمرۆڤ دەکات هەست بەبەرپرسیارێتی بکات بەرامبەر وڵات بەبێ ئەوەی مافەکانی بۆ دیاریبکات.

٥- هاوڵاتیبوون پەیوەندییەکی پتەوی بەپەیمانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، چونکە پێویستە ئەندامانی وڵات پەیمانێکیان لەنێواندا هەبێت کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەیمانێکی ویژدانی نەنوسراوەو، لەڕووی یاساییشەوە پەیمانێکی دەستووریی نوسراوەیە. ئەو پەیمانە دەستەبەری مافەکانی هەر ئەندامێکی وڵات دەکاتو ئەرکەکانی ئەندامانی وڵاتیش دیاریدەکات. ریشەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بۆ سەدەی حەڤدەهەم دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی لەئەوروپادا چەندین رووداوو گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، فیکریی، سیاسی، ئابوری، یاسایی هاتنەگۆڕێ، ئەو گۆڕانکاریانە رێگەیان لەبەردەم لەدایکبوونی مۆدێرنیتەو تازەگەریدا خۆشکرد کەچەندین دەرئەنجامی لێکەوتەوە، یەکێك لەو دەرکەوتانەش بیرۆکەی پەیمانی کۆمەڵایەتی بوو کەئەویش بیرۆکەی هاوڵاتیبوونی

* ماهي الديموقراطية، حكم الاكثرية ام ضمانات الاقلية - الان تورين، دار الساقي، طبعة الثانية، ٢٠٠١ ، ص٩١

لێکەوتەوە. سەرەتا (تۆماس هۆبز) باسی ئەو بیرۆکەیەی کرد، بەڵام ئەو باسی چونیەکی یاسایی تەواوی نەکرد، چونکە جیاوازی خستە نێوان پادشاو رەعیەتەوە، هۆبز پێیوابوو پادشا لەسەرو یاساوەیەو دانیشتوانی وڵات هەموویان ملکەچی یاسانو پێویستە مافو ئەرکەکانیان دیاریبکرێت. هۆبز ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەمرۆڤی سەرەتایی لەدۆخی جەنگێکی سروشتی بەردەوامدا ژیاوە، هەموو مرۆڤێك تەنها لەدیدی خۆپەسەندی (خۆپەرستی) خۆیەوە هەوڵیداوە زۆرترین بەرژەوەندی بۆخۆی بپچڕێت. ئیتر وردەوردە ترسیان بەرامبەر یەکتر پەیدا کردووە. ئەم ترسە هاوبەشە پەیمانێك لەنێوان مرۆڤەکاندا دروستدەکات کەرێگە نادات سنوری یەکتر ببەزێنن. لەسەدەی هەژدەدا گۆڕانێکی گرنگ بەسەر ئەم بیرۆکەیەدا هات، کاتێك "جان جاك رۆسۆ" (١٧١٢-١٧٧٨ ) تێزێکی تازەی سەبارەت بەبیرۆکەی پەیمان پێشکەشکرد.. رۆسۆ پێیوابوو دوو جۆر پەیمان هەیە پەیمانی غەریزی، وەك ئەو پەیمانەی لەنێوان ئەندامانی خێزاندا هەیە، لەگەڵ پەیمانی کۆمەڵایەتیدا، کەپەیوەندی بەهۆشیاری ئەندامانی کۆمەڵگەوە هەیە. جەوهەری پەیمانی کۆمەڵایەتی لەو شوێنەوە دەستپێدەکات کەهەر ئەندامێکی کۆمەڵگە لای خۆیەوە تەنازول لەبەشێك لەمافەکانی خۆی بکات لەپێناو بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا. واتە هەمووان وەك یەك دەچنە خزمەتی کۆمەڵگەوە بەگشتی نەك تەنها تاکەکەسێك. لێرەوە هەرکەسێك لای خۆیەوە بەهەمان ئەو ئەندازەیەی شتێك بەکۆمەڵگە دەبەخشێت، شتێکیش لەکۆمەڵگە دەباتەوە، چونکە خۆی بەشێکە لەو کۆمەڵگەیە.

٦- خولیای یەکسانی لەناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیەو،

( دیڤید هیوّم ) لەمبارەیەوە دەڵێت: خولیای یەکسانی تەنها پەیوەندی بەپێشکەوتنەکانی دنیای مۆدرێنەوە نییە، چونکە لەهەندێك خێڵی سەرەتایشدا دیاردەی یەکسانی نێوان ئەندامانو دابەشکردنی ئەركو مافەکان بەدیدەکرێت، بۆ نموونە لەکۆمەڵگەی هندییە سورەکاندا ئەو دیاردەیە بەڕونی هەستی پێدەکرێت. لێرەوە دەکرێت لەبەر رۆشنایی راوبۆچوونی هیوّمدا ئەوە بڵێین کەمافی ئەندامێتیبوونی وەکیەکی نێوان مرۆڤەکان دیاردەیەکی سروشتی کۆنەو پەیوەندی بەغەریزەی سەرەتایی مرۆڤەوە هەیە.

٧- جۆن لۆك ( ١٦٢٢ – ١٧٠٤ ) لەگرنگترین ئەو فەیلەسوفانەیە کەباسی لەمافە سروشتییەکانی مرۆڤی کردووە بەبێ جیاوازی، دەکرێت بڵێین لۆك بەپێشەنگی ئەو بیریارانە دەژمێردرێت کەبیرۆکەی هاوڵاتیبوونیان هێناوەتە گۆڕێو، باس لەدوو جۆر پەیمانی نێوان مرۆڤەکان دەکات: پەیمانێکی ناچاری (کە لەشێوەی ئەرکی سروشتیدایە)، وەك پەیمانی نێوان باوكو منداڵ، دایكو منداڵ .... هتد. پەیمانێکی ئارەزومەندانە (کە لەشێوەی مافێکی سروشتیدایە) وەك پەیمانی نێوان ژنو مێرد، هاوڕێو هاوڕێ. لێرەوە دەسەڵاتی باوك بەسەر منداڵدا مافێکی سروشتی نییە بەڵکو ئەرکێکی سروشتییە، ئەم دەسەڵاتە بەردەوام دەبێت تائەو شوێنەی منداڵ گەورە دەبێت ئیتر دوای ئەوە کوڕە یان کچە ئازادە لەوەی پەیمانەکە تازە بکاتەوە یان نا.

٨- پێبەندیی بۆ وڵات واتە هۆشیاری پەیمانبەستنی نێوان مرۆڤەکان لەجڤاتێکی دیاریکراودا، ئەمەش بەواتای هۆشیاربوونە بەرامبەر بەهاوڵاتیبوون، بەڵام هۆشیاری پێبەندیی دوو رووی یەکتەواوکەری هەیە. لەلایەکەوە مرۆڤ هۆشیارە بەوەی کەهاوڵاتییەو، لەلایەکی تریشەوە هۆشیارییەکی دیموکراتی دەهێنێتە گۆڕێ.

چونكە پێبەندیی بۆ كۆمەڵ پەیوەندییەكی نەپساوەی هەیە بەلەدایكبوونی چەندین دامەزراوەو دەزگای ئازادەوە لەو وڵاتە پێشكەوتوانەی كەمافی هاوڵاتیبوونیان مسۆگەر كردووە وەك ئەمەریكا، ئینگلتەراو فەرەنسا.

٩- جگە لەجیهانی خۆرئاوا، زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم بەدەست قەیرانی هاوڵاتیبوونەوە دەناڵێنن، چونكە ئەو وڵاتانە بەمێژووی ئاسایی خۆیاندا تێنەپەڕیوون و لەناو خۆیاندا بەشێوەیەكی سروشتی دروست نەبوون، بەڵكو لەدەرەوە بەهۆی فاكتەرە دەرەكیەكانەوە دروستكراون و زۆرجاریش ڕێدەكەوێت چەندین شوناسی نەژادی و ئاینی و مەزهەبی جیاجیا بەزۆری زۆردارەكی بەیەكەوە لكێنراون، ئەوەش قەیرانی شوناس و قەیرانی هاوڵاتیبوونی خولْقاندووە، چونكە زۆرجار مافی هاوڵاتیبوون تەنها بۆ گروپێكی نەژادی یان ئاینی یان مەزهەبی دیاریكراو دەستەبەركراوە و گروپەكانی تر لەو مافانە بێبەشكراون. كەواتە كێشەی فرە شوناسی و نەبوونی شوناسی نیشتمانیی سەرتاسەری و باڵادەستبوونی كەلتوری دیكتاتۆری ڕێگرێكی گەورەیە لەبەردەم بەگشتیكردنی چەمكی هاوڵاتیبوون لەزۆربەی وڵاتە تازە پێشكەوتووەكانی دەرەوەی جیهانی خۆرئاوا.

١٠- هاوڵاتیبوون لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕی ئاینی و ڕەسمی دەوڵەتدا ناگونجێت، چونكە ئەگەر لەوڵاتێكدا ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی هەبێت (وەك یەكێتی سۆڤێتی پێشوو) یان وەك (وڵاتە تاك حزبەكانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست) یان ئەگەر هاتوو وڵات بیروباوەڕێكی ئاینی ڕەسمی هەبوو (وەك وڵاتە ئیسلامیەكان) ئەوا هاوڵاتیبوون دەكەوێتە بەردەم مەترسییەكی گەورەوە، چونكە پەیڕەوكارانی ئایدیۆلۆژیا یان بیروباوەڕی ڕەسمی بەهاوڵاتی پلەیەك لەقەڵەم دەدرێن، ئەوانەشی هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆژیایە یان ئەو عەقیدەیە نین بەهاوڵاتی پلە دوو یان نزمتر تەماشادەكرێن، لێرەوە پێویستە چەمكی هاوڵاتیبوون لەچەمكی ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی ئاینی و مەزهەبی جیابكرێتەوە، بەجۆرێك دەبێت هاوڵاتیبون بخرێتە پێشەوەی بایەخ و گرنگیپێدانەكانی حكومەت و دەسەڵات و ئاینی ڕەسمی دەوڵەتەوە.

١١- لێرەوە دەكرێت بڵێین ڕەگەزە پێویستەكانی هاوڵاتیبوون جگە لەدیموكراسی بریتییە لە (مەدەنیەت، عەلمانیەت، زامنكردنی مافی كەمینە، فرەیی دەسەڵاتی یاسا، ئاڵوگۆڕ لەدەسەڵاتدا بەشێوەیەكی دەوری).

١٢- سنورداركردنی دەسەڵاتەكان، ئیدی سیاسی، كۆمەڵایەتی یاخود تایەفەگەری بن، ڕەگەزێكی گرنگی تری هاوڵاتیبوونە، ئەویش بەگوێرەی ئەم هاوكێشەیەی خوارەوە:

- **- سنورداركردنی دەسەڵاتی دەوڵەت ⟵ كۆمەڵگەی مەدەنی و دیموكراسی لێدەكەوێتەوە،**
- **سنورداركردنی دەسەڵاتی گروپی بەرژەوەندیدار ⟵ دادپەروەری لێدەكەوێتەوە.**
- **سنورداركردنی دەسەڵاتی زۆرینە ⟵ زامنكردنی مافەكانی كەمینەی لێدەكەوێتەوە.**
- **سنورداركردنی دەسەڵاتی تایەفەگەری یان حیزبی یان دامودەزگاكانی دەسەڵاتی حیزبی و میلیشیا و سەربازی یان بیروباوەڕی دیاریكراو ⟵ هاوڵاتیبوونی لێدەكەوێتەوە.**

١٣- مرۆڤ تاكێكی سەربەخۆیە، هەرچەندە ئەركی كۆمەڵایەتیشی لەسەرشانە، بەڵام مافی خۆیەتی پراكتیزەی تایبەتمەندی خۆی بكات. لێرەوە دەكرێت بڵێین: لەنێوان هاوڵاتیبوون و تاكگەرایشدا (فەردانیەت) پەیوەندییەكی یەكتەواوكەر هەیە.

بـەڵام مـرۆڤ هەرچـەندە فـەردانیش بێـت بـەڵام دیسـانەوە هـەر ئەندامێکـە لـەجڤات و وڵات، بۆیـە پێویسـتە هاوسەنگییەك لەنێوان مافە فەردانیەکان و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکاندا رابگرێت.

# "بەشداریی سیاسی"

## کێشەی بابەت :

بەهۆی میراتی دورودرێژی دیکتاتۆریەت و داگیرکارییەوە لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بەگشتی و وڵاتی ئێمە بەتایبەتی، هەمیشە سیاسەت وێنەیەکی دزێوی هەبووەو خەڵك دوورەپەرێز بووە لەسیاسەت، چونکە سیاسەت تەنها لەلایەن نوخبەو دەستەبژێرێکی دەسەڵاتداری دیاریکراوەوە قۆرخکراوەو خەڵکی تر لێی بێبەش بوون. ئەو دەستەبژێرە دیاریکراوەش سیاسەتیان کردۆتە ئامرازێك بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیان و خۆدەوڵەمەند کردن و ئازاردان و کوشتن و دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانی وڵات و هاوڵاتیان. لەفەرهەنگی میللی خەڵکانی ئەم ناوچەیەدا سیاسەت مانای فرت و فێڵ و درۆزنی گەیاندووە، ئەو کەسەشی کەسیاسەتی لەچوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسیدا ئەنجامداوە وەك کەسێکی بێزراو تەماشاکراوە، ئەوانەشی لەدەرەوەی دەسەڵاتدا سیاسەتیان ئەنجامداوە (واتە لەحیزبی ئۆپۆزسیۆن یان رێکخراوی خەباتی چەکداریی شاخ یان رێکخراوی نهێنیدا) هەمیشە دووچاری چەڵەمەو مەترسی گەورە بوونەتەوە کەهەندێکجار ژیانی خۆیان و خاوخێزانیانی خستۆتە بەر مەترسی، جگە لەوەی خەباتی چەکداری چەندێك رەوابێت هەر ناتوانین بەپرۆسەیەکی سیاسی شارستانی لەقەڵەم بدەین، چونکە زەبروزەنگ دەکاتە ئامرازی بەرەنگاربوونەوەی چونکە ئەم جۆرە خەباتە زەبروزەنگی دەوڵەت.

لەبەر ئەو هۆیانەی باسکران، بەشداری سیاسی لەوڵاتی ئێمەو ناوچەکەدا بەگشتی تووشی تەنگ و چەڵەمەیەکی گەورەو قەیرانێکی سەخت بۆتەوە. هەمیشە جۆرێك لەبێباکی لەئارادابووە سەبارەت بەبەشداری لەکاری سیاسیدا. هەر بۆیە ئێستا سەرەڕای روخانی دیکتاتۆریەت و داڕمانی دەزگا سەرکوتکەرەکانی، کەچی هێشتا هاوڵاتیان بەگشتی بەگومانەوە تەماشای کاری سیاسی دەکەن و دوورەپەرێزن لەبەشداریکردن لەکایە سیاسییەکاندا.

## ئامانجی بابەت:

هەوڵدان بۆ روونکردنەوەی چەمکی بەشداریی سیاسی وەك چالاکییەکی شارستانی و دیموکراتی کەپێویستە هاوڵاتیان بەگشتی بەشداری تێدا بکەن، تاوەکو سیاسەت لەدەستی تاقمێکی دیاریکراودا قۆرغ نەبێت، هەروەها هەوڵدان بۆ تیشکخستنە سەر ئەو هەقیقەتەی کەمەرج نییە سیاسەت هاوواتای فرت و فێڵ و درۆبێت، بەڵکو دەکرێت سیاسەت بکرێتە ئامرازێکی شارستانی بۆ رێگە نەدان بەدیکتاتۆریەت و گەندەڵی دەسەڵاتداران. ئەویش لەروانگەی جەختکردنە سەر ئەوەی کەمەرج نییە سیاسەت تەنها لەبازنەی دەسەڵاتی سیاسیدا ئەنجام بدرێت، بەڵکو دەکرێت سیاسەت لەڕیزی ئۆپۆزسیۆنی مەدەنیشدا ئەنجام بدرێت. هەروەها تیشکخستنە سەر

ئەو راستییەی کەسیاسەت زانستێکی گرنگە لەزانستە مرۆییەکانو لەدێرزەمانەوە حەکیمو فەیلەسوفەکان باسیان لەبایەخی سیاسەت کردووە وەك هونەرێکی تایبەت بەمرۆڤ. واتە سیاسەت دوولایەنی هەیە: لایەنە تیۆرییەکەی کەپێویستە هاولاتیانو هەڵسوڕاوانی فەرمانگە حکومەتیەکانو رێکخراوە جەماوەرییەکان بەگشتی شارەزاییان لەبارەیەوە هەبێت, لەگەڵ لایەنە پراکتیکیەکەی، مرۆڤ پێیبزانێت یان نا، لەژیانی رۆژانەیدا پەنای بۆدەبات، هەندێکجار بەشێوەیەکی شارستانیو هەندێکجاریش بەشێوازی ناشارستانی.

## پوختەی بابەت:

١/ مەحاڵە باس لەدیموکراسیو مافی هاولاتیبوون بکەین ئەگەر زۆرترین ژمارەی هاولاتیان بەشداری لەچالاکی سیاسیدا نەکەن. لەکۆمەڵگەی مەدەنیو دیموکراتدا هەموو کەس، چ وەك تاكو چ وەك گروپ، بەبێ بوونی سانسۆرو هەڕەشەکردن مومارەسەی سیاسەت دەکەن، چونکە هەندێك زاناو بیریاری بواری سیاسەت پێیانوایە کەمرۆڤ لەخۆیدا بوونەوەرێکی سیاسیەو ئەگەر ئەو رەگەزە گرنگەی لێبسەندرێتەوە، کەبریتییە لەسیاسەت، ئەوا کەلێنێکی گەورە دەکەوێتە کەسایەتیو بوونیەوە، لەبەرامبەردا هەوڵدەدات بەشێوازی نێگەتیڤ وزەی سیاسیانەی خۆی بەتاڵ بکاتەوە.

٢/ یەکێك لەپێناسەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێیوایە کۆمەڵگەی مەدەنی کۆمەڵگەیەکی سیاسییە، بەو مانایەی مافی ئەنجامدانی سیاسەت دەبێت بەبێ جیاوازی بۆ هەمووان مسۆگەربکرێت، هەروەها مرۆڤ ناتوانێت مافی هاولاتیبوون پەیڕەوبکات، ئەگەر مافی مومارەسەکردنی سیاسەت لەمافی نوخبەیەکی دیاریکراوەوە نەبێتە مافی هەمووان، واتە یەکێك لەڕەگەزە سەرەکیەکانی مافی وەکیەکی لەهاولاتیبووندا بریتییە لەمافی وەکیەکی لەپەیڕەوکردنی کاری سیاسیدا.

٣/ یەکێك لەهۆکارەکانی دروستبوونی دیکتاتۆریەت بریتییە لەخۆدزینەوەی خەڵك لەکاری سیاسی. هەڵبەتە مەبەست لەکاری سیاسیو بەشداری سیاسی تەنها ئەوە نییە مرۆڤ ببێتە ئەندامی حیزبێك یان لەگەڵ دەسەلاتدا کار بکات، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کەهەوڵبدات زۆرترین بەشداری سیاسی هەبێت لەدروستکردنی بڕیارو بەشداریکردن لەکاری رێکخراوەکانو گروپەکانی فشارو کایە رۆشنبیرییەکانو چالاکییە دەستەجەمعییەکان لەچوارچێوەی گەڕەكو شارەوانی شارو هەرێمو ولاتدا.

٤/ گرنگترین پرنسیپی بەشداری سیاسی لەولاتی دیموکراتیدا بریتییە لەسەربەخۆبوون. واتە مرۆڤ دەبێت بوونەوەرێکی سەربەخۆ بێت لەهەڵبژاردنی حیزب، فراکسیۆن، رێکخراوی مەدەنی، گروپی فشارو جۆری چالاکی سیاسیدا. تەنانەت فرەشوناسی مرۆڤ لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا ئەوە دەخوازێت کە مرۆڤ بەگوێرەی سیاقە جیاوازەکان گۆڕانکاری لەکاری سیاسیو هەڵبژادنی سیاسی خۆیدا ئەنجامبدات، بۆ نمونە رەنگە مرۆڤ لەیەککاتدا ئەندامی حیزبێكو ئەندامی رێکخراوێکی پیشەیی یان مەدەنی بێتو دژبوون بکەوێتە نێوان ئامانجی رێکخراوە سیاسییەکەو ئامانجی رێکخراوە پیشەییەکەوە، لەکاتێکی وادا کەمرۆڤ دەتوانێت بەگوێرەی

بەرژەوەندی خۆی قوربانی بدات بەیەکێك لەو هەڵبژاردنانە لەپێناو یەکێکی تریاندا، بەبێ ئەوەی ئەو هەنگاوە ببێتە هۆی سزادان یان سەرزەنشتکردنی.

٥/ پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان بەرژەوەندییەکانی مرۆڤو بەشداری سیاسیدا هەیە، چونکە بەشداری سیاسی لەوڵاتی دیموکراتیدا پرۆسەیەکی واقیعیەو پێیوایە مرۆڤ بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆی کاری سیاسی ئەنجامدەدات نەك بەگوێرەی چەند بەهایەکی ئایدیاڵو چەند دروشمێك کەوەك موزایەدە لەوڵاتە دیکتاتۆریەکاندا بەکاردەهێنرێن. هەربۆیە مرۆڤ ئازادە لەوەی بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆی شێوازی بەشداری سیاسی هەڵبژێرێتو بتوانێت پێبەندیو لایەنگریو دەنگدان بەگوێرەی دیدو بۆچوونو فەلسەفەی خۆی لەحیزبێکەوە بۆ حیزبێکی تر یان لەگروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بگۆڕێت.

٦/ هەروەها پەیوەندییەکی یەکتەواوکەر لەنێوان بەشداری سیاسیو مافی نەیاریدا هەیە، کەئەویش بریتیە لەمافی ناڕەزایی سیاسی وەك: پێبەندبوون بۆ حیزب یان رێکخراوێکی نەیار، خۆپیشاندان، مانگرتن، هەڵمەتی راگەیاندن.

٧/ جگە لەکاری حیزبیو دەوڵەتی، لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا چەندین کەناڵی دیکە هەن بۆ بەشداری سیاسی وەك: کەناڵەکانی میدیا، فیدراسیۆنەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، گروپەکانی فشار، نوسینو رەخنە، کۆڕبەستنو هاوپەیمانێتی نێوان رێکخراوە جیاوازەکان.

٨/ دوورەپەرێزیو بێباکی بەرامبەر بەشداری سیاسی هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر پرۆسەی دیموکراتیزەکردنو بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگە، هەربۆیە ئەو دیدە باوەی کەوەك چالاکیەکی دزێو تەماشای بەشداری سیاسی دەکات بانگەشە بۆ دوورەپەرێزی دەکاتو دواجار دەچێتەوە خزمەتی دیکتاتۆریەتەوە نەك دیموکراسیەت.

# دەوڵەتی دامودەزگا

## هاوڵاتیانو دەسەلات

لەنێوان هاوڵاتیانو دەسەلاتی حوکمڕانێتیدا پەیوەندییەکی هەمەلایەن هەیە، کەپەیوەستە بەجۆری سیستمی حوکمو شێوازی بەڕێوەبردنی دەوڵەتو دامودەزگاکانیەوە، هاوکات هاوڵاتیانیش بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەستن بەحکومەتەوە.

دەبێت ئێمە ئەوە بزانین کەهاوڵاتیان بەسەر چینو توێژەکانی کۆمەڵگەدا دابەشبوون، کەسانێك هەن مامۆستان، هەندێکی دیکە کرێکار، خوێندکار، جوتیار، فەرمانبەر، ئەفسەر، پۆلیس، کارمەندی دەوڵەت، سەرباز، پیاوانی ئاییني، هونەرمەند.... تاد. تەواوی چینو توێژەکانی کۆمەڵگە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ پەیوەندییان بەدەوڵەتو دەسەلاتو سیستمی حوکمەوە هەیە، لەبەرئەوە لێرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کەهەموو

یەکێك لەئێمە بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەندیمان بەدەوڵەتەوە هەیە. سەرباری ئەوە ئێمە وەك مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتین، لەبەرئەوە ئێمە لەرووی کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و شارستانیەوە پەیوەندییەکی پتەومان بەژیان و گوزەران و گۆڕانکاری و پێشکەوتنەوە هەیە، هاوکات هەموو کۆمەڵگەیەك لەدنیادا خاوەنی خاك و نیشتمان و زمانی هاوبەشی خۆی و سیستمی بەڕێوەبردنی خۆیەتی، ئێمەش بەشێکین لەجیهان، کەواتە ئێمە لەیەککاتدا لەپاڵ ئەوەی هاوڵاتیەکی ناوچەکەی خۆمانین هاوکات هاوڵاتیەکی جیهانیشین، لەبەرئەوە هەموو یەکێك لەئێمە خاوەنی مافی هاوڵاتیبوون و مافە شارستانیەکانیشە، کەپێویستە هەموو هاوڵاتیەکی شارستانی ئەو مافانەی هەبێت و داکۆکیان لێبکات، هەروەها دابینکردنی ئەو مافانەش بەپلەی یەکەم دەکەوێتە سەرشانی دەوڵەت و هەموو دامودەزگا خزمەتگوزاری و ئابووری و ژیارییەکانی.

لێرەوە ناکرێت ئەوە لەیادبکەین کەئەو دەوڵەتانەی رژێمێکی دیکتاتۆرو ستەمکار دەیانبات بەڕێوە، هاوڵاتیان تێیدا بچوکترین مافی هاوڵاتیبوونی خۆیان نییە، و تەواوی هاوڵاتیان بەشێوەیەك لەشێوەکان تێیدا دەچەوسێنەوە، ئەو چەوسانەوەیەش بەتەنها بریتی نییە لەچەوسانەوەی جەستەیی، بەڵکو بریتییە لەچەوسانەوەی رۆحی و دەرونی و پێشێلکردنی مافەکانی تاکەکەس و سەرجەم هاوڵاتیان لەرێگەی پیادەکردنی ستەمکاری و خەفەکردنی رایگشتی هاوڵاتیانەوە.

لەبەرئەوە هەموو یەکێك لەئێمە بەرپرسیارە بەرامبەر مافەکانی هاوڵاتیبوونی خۆی و تەواوی هاوڵاتیان، هاوکات بەرپرسیاریشین بەرامبەر حکومەت و گۆڕانکارییەکان، کەواتە ئەو پردی پەیوەندییەی لەنێوان هاوڵاتیان و دەوڵەتدا لەئارادا هەیە لەلایەکەوە بەندە بە بەرپرسیارێتی حکومەت و دامودەزگاکانی بەرامبەر بەهاوڵاتیان و دابینکردنی مافە بنچینەییەکانیان و لەلایەکی تریشەوە وەستاوەتە سەر ئەو بەرپرسیارێتیە دوولایەنەی کە لەنێوان هاوڵاتیان و دەوڵەتدا دروستدەبێت بۆ بەرهەمهێنانی پەیوەندییەکی تەندروست و شیاو.

ناکرێت ئەوە لەیادبکەین کەئەگەر حکومەت گوێ لەڕایگشتی هاوڵاتیان نەگرێت و، لەوەش خراپتر، بەدەنگ رەخنەو داواکاری و پێویستیەکانی هاوڵاتیانەوە نەچێت و خۆی بەبەرپرسیار نەزانێت بەرامبەریان، ئەوا لێرەوە شتێك نامێنێت ناوی پردی پەیوەندی بێت لەنێوان هاوڵاتیان و دەوڵەتدا، هاوکات ئەم فەرامۆشکردنەی حکومەت و دامودەزگاکانی بۆ هاوڵاتیان زەمینەخۆشکەرێکی لەبارە بۆ لەدایکبوونی دیکتاتۆرەکان و گەندەڵی ئیداری و بەڕێوەبردن.

## کێشەی بابەت :

بەو پێیەی دەوڵەت بەمانا مۆدێرنەکەی هێشتا لەجیهانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دروست نەبووەو ئەو قۆناغە مێژووییانەی گەشەی بەخۆوە نەبینیوە کە لەجیهانی خۆرئاوادا بەخۆوەی بینیوە.. هەروەها لەبەرئەوەی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم بەشێوەیەکی سروشتی و وەك پێویستیەکی ناوەکی دروست نەبوون و تەنانەت زۆرجار بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکییەوە دروستکراون و پارچەکانی بەشێوازی زۆرەملێ پێکەوە لکێنراون.. هەروەها بەهۆی باڵادەستبوونی کلتوری خێڵەکی و کۆچەری لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستداو دەرنەکەوتنی دەوڵەت وەك دەزگایەکی ئەقڵانی کۆکەرەوە.. هەروەها بەهۆی دروستنەبوونی دەزگا بەمانا مۆدێرنەکەی بۆ تاکەکەس نەك بۆ

دەسەڵاتداران.. هەموو ئەم هۆكارانەو چەندین هۆكاری تری وەك باڵادەستبوونی دیكتاتۆریەت لەدنیای ئێمەدا دۆخێكی ئەوتۆیان خستۆتەوە كەتاوەكو ئێستاش دەوڵەتی دامودەزگایی دروست نەبووبێت.

## ئامانجی بابەت:

هەوڵدان بۆخستنەسەری چەمكی دەوڵەت وەك كەسایەتیەكی مەعنەوی، وەك چوارچێوەیەكی گشتی كەچەندین دامودەزگای تێكچڕژاوو جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت كەئەرك و فەرمان بەشێوازێكی سیستماتیكی بەسەریاندا دابەشكراوەو تەواوكەری یەكترن. هەروەها تیشكخستنەسەر چەمكی دەوڵەت لەڕوی فەلسەفیو كۆمەڵایەتییەوە. ئامانجێكی تر بریتییە لەجەختكردنەوە لەسەر ئەو راستیەی كەنابێت شوناسگۆڕكێ (تماهی) لەنێوان دەوڵەتو كەسی دەسەڵاتداردا ئەنجامبدرێت، چونكە كەسی دەسەڵاتدار بەشێوازێكی كاتی دەسەڵاتی دەوڵەت دەگرێتەدەست بەڵام دەوڵەت قەوارەیەكی هەمیشەیی هەیە.

## پوختەی بابەت:

١- دەوڵەت باڵاترینو گەورەترین دەزگایە كەمرۆڤ تائێستا دایمەزراندووە. دەوڵەت وەك دەزگایەكی كۆكەرەوە چەندین دەزگای جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت. رێكخستنو لێكجیاكردنەوەو پەیوەندی یەكتەواوكەرانەی نێوان ئەو دەزگا ئاڵۆزانە پێویستی بەبڕێكی زۆر لەئەقڵانیەتو هونەری كارگێڕیو بەڕێوەبردن هەیە. پێویستی بەكۆششێكی دەستەجەمعی بەرفراوانو هەمەلایەن هەیە، كەتێیدا پلەبەندیی لەنێوان پۆستو ئەرك و شێوازی كاركردندا دیاریدەكرێت.

دەوڵەت لەسەردەمە كۆنەكاندا لەسەر بنەمای زەبروزەنگو داپڵۆسینو بەزۆر پێكەولكاندنی هەرێمە جیاوازەكان پێكدەهات، هەربۆیە سوپا یان هێزی سەربازی رەگەزێكی یەكلاكەرەوەی دروستبونی دەوڵەت بوو. لەقۆناغێكی تردا ئایینو بیروباوەڕی ئایینی بوونە رەگەزێكی دروستكردنی دەوڵەت، وەك لەئیمپڕاتۆریەتی مەسیحی ئەوروپاو دەوڵەتی ئیسلامیدا بەدیدەكرێت، بەڵام دەوڵەت بەمانا مۆدێرنەكەی دەزگایەكە بەپلەی یەكەم پشت بەرێكخستنی ئەقڵانی دەبەستێت، هەربۆیە ( هیگڵ) پێیوایە مرۆڤ رۆژ بەڕۆژ هەوڵیداوە ئەقڵ وەك دەزگایەكی كۆكەرەوە وەگەڕبخات كەناوی دەنێت (دەركەوتەكانی رۆحو ئەقڵ). ئەو هەوڵانەی مرۆڤ چەندین دەزگای لێكەوتۆتەوە كەباڵاترینیان دەوڵەتە.

٢- جیاوازی نێوان دەوڵەت بەفۆرمە كۆنەكەیو دەوڵەت بەفۆرمە مۆدێرنەكەی لەخاڵێكی سەرەكیدا چڕ دەبێتەوە، ئەویش بریتییە لەوەی كەدەوڵەتی كۆن دەوڵەتی كەسەكان بوو، لەكاتێكدا دەوڵەتی نوێ دەوڵەتی دەزگاكانە. دەوڵەتی كۆن تا ئاستێكی زۆر لەژێر كاریگەری تواناو میزاجی دەسەڵاتدارەكاندا بوو، بەڵام دەوڵەتی نوێ بەندە بەئاستی دامودەزگاییەوە. بەلاچوونی دەسەڵاتداران گۆڕان بەسەر فۆرمی دەوڵەتی كۆندا هاتو جاری واهەبووە بەمردنی دەسەڵاتداران دەوڵەتەكەش روخاوە یان لاوازبووە، بەڵام لەدەوڵەتی نوێدا دەزگاكان لەسەرو میزاجو توانای فەردی كەسەكانەوەن.

٣- دەوڵەتی دامودەزگا پەیوەندی نێوان دەزگا فەرعیەکان بەشێوەیەکی ئەقڵانی ڕێکدەخات، ئەویش لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوونو دوور لەجیاوازی ئیتنی، ئایینی، مەزهەبیو خێڵەکی. بەڵام دەوڵەتی کۆن لەسەر بنەمای پیرۆزکردنی دەسەڵاتداری یەکەم دادەمەزراو ئەو پیرۆزییەش لەباوکەوە بۆ کوڕ دەگوازرایەوە.

٤- بیرۆکراسیەتو هونەری کارگێری دوو کۆڵەکەی سەرەکی دەوڵەتی دامودەزگان. بیرۆکراسیەت پلەبەندیو سیستمی نوسینگەیی بەشێوەیەکی سیستماتێك ڕێکدەخاتو کەسایەتیەکی مەعنەوی بەدامودەزگاکان دەبەخشێت. هەروەها هونەری کارگێری زۆر لەبابەتو پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی دەوڵەت ڕێکدەخاتو کارێکی وادەکات کەڕێگە لەفێڵی کارگێریو گەندەڵی دەسەڵاتداران بگرێت یان کەمی بکاتەوە.

٥- پێویستە ئەوە لەیاد نەکەین کەزیادەڕۆیی لەبیروکراسیەتدا مەترسی ڕۆتینو ڕایینەبونی کاروبارەکانی دەوڵەتو کەڵەکەبوونی داخوازییەکانی هاوڵاتیانی لێدەکەوێتەوە. هەربۆیە دەوڵەتی دامودەزگا پێویستە بەچەند ساڵ جارێك بەدەزگای بیرۆکراسیدا بچێتەوەو، ئەو دەزگایانەی کەپێویست نین هەڵبوەشێنرێنەوەو ئەو دەزگایانەشی پێویستن دابمەزرێن، ئەویش لەپێناو کارئاسانی زیاترو چارەسەرکردنی ڕۆتیندا چونکە ئەمانە کاروباری هاوڵاتیان دوادەخەنو ماندویان دەکەن، لەبەرئەوەی هەرچەندە دامودەزگا لەسەروو میزاجی تاکەکەسەوەیە بەڵام دواجار دەبێت بچێتەوە خزمەتی تاکەکانی کۆمەڵگە. واتە دەوڵەتی دامودەزگا هاوسەنگییەك لەنێوان دوو فۆرمی دەزگاییدا ڕادەگرێت، ئەو فۆرمە کلاسیکیەی کەکەسی یەکەمی دەزگاکە لەسەرو دەزگاوە دەبینێتو دەزگا ملکەچی میزاجی کەسی یەکەمە، لەگەڵ ئەو فۆرمە بیرۆکراسییەی کەدەزگا هێندە پیرۆزدەکات دەیخاتە سەرو کەرامەتی تاکەکانەوە..

٦- دەوڵەتی دامودەزگا پێویستی بەکۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، واتە مەحاڵە دەوڵەت بتوانێت لانیکەمی ڕێکخستنی ئەخلاقی نێوان دامودەزگاکان لەکۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی بەر لەقۆناغی مەدەنیدا پەیڕەو بکات، چونکە هەرچەندە دەوڵەتی دامودەزگا ئەو یاسایانەش پەیڕەو دەکات کە لەسەروو میزاجی تاکەکانی کۆمەڵگەوەیە، بەڵام ئەگەر ئامادەییەکی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری لەئارادا نەبێ سەبارەت بەپەسەندکردنی ئەو فۆرمەی دەوڵەت، ئەوا یان دەوڵەت هەرەسدەهێنێت یان ئەوەتا دەوڵەت دەبێتە دەزگایەکی تۆتالیتاری کە لەڕێگەی زەبروزەنگەوە هەموو ئەندامانی ملکەچی دامودەزگاکانی خۆی دەکات.

٧- پێویستە جیاوازی لەنێوان دەوڵەتی دامودەزگای دیموکراتیو دەوڵەتی دامودەزگای تۆتالیتاریدا بکرێت، لەیەکەمیاندا دەوڵەت ڕەنگدانەوەی خواستی کۆمەڵگەی دامودەزگاییەو گوزارشت لەکەشی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات، بەڵام لەدووەمیاندا دەوڵەت لەلایەن تاقمێکی دیاریکراوەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت تا لەڕێگای زەبروزەنگو داپڵۆسینەوە دەزگاکانی سەقامگیر بکرێت، هەرچەندە دەوڵەتی دامودەزگای تۆتالیتاری لەرواڵەتدا ئارامو جێگیرو دیارە، بەڵام لەجەوهەردا هەڵگری گەورەترین ناکۆکیو هاودژیی ناوەکییەو لەهەر چرکەیەکدا بێت ئەو دژایەتییە ناوەکییە دەتەقێتەوەو دەوڵەت هەرەسدەهێنێت.

٨- لەدەوڵەتی دامودەزگادا پەیوەندی نێوان دەزگا فەرعیەکان پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیانەی یەکتەواوکەرە، واتە هەروەکچۆن لەنێوان ئەندامەکانی جەستەدا پەیوەندییەکی یەکتەواوکەر هەیەو هەر ئەندامەو ئەرکی خۆی جێبەجێدەکاتو، سەرئەنجام ئەرکی ئەندامە فەرعیەکانیش دەچێتە خزمەتی جەستەوە بەگشتی، بەهەمان شێوە لەدەوڵەتی دامودەزگاشدا پسپۆڕیو فەرمانەکان بەسەر کەرتە جیاوازو دەزگا فەرعیەکاندا دابەشدەبنو هەموو پێکەوە دەزگا گەورەکە پێکدەهێنن کەدەوڵەتە.

٩- دەوڵەتی دامودەزگا پێویستی بەشار هەیە وەك جوگرافیایەکی دیموگرافی، سیاسی، ئابوریو کۆمەڵایەتی...هتد. هەربۆیە دەوڵەتی دامودەزگایی تەنها دوای فراوانبوونو گەورەبوونی شارەکانو لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوە هاتەگۆڕێ، واتە مەحاڵە بتوانین لەکەلتوری کشتوکاڵیو گوندنشیندا باس لەدەوڵەتی دامودەزگایی بکەین.

١٠- گرنگترین رەگەزی دەوڵەتی دامودەزگا بریتیە لەجیاکاری نێوان دەسەڵاتەکان: دەسەڵاتی یاسادانان (پەرلەمان)، دەسەڵاتی جێبەجێکردن(حکومەت)، دەسەڵاتی دادوەری (دادگا). واتە هەرچەندە پەیوەندی نێوان ئەو سێ دەزگا سەرەکیە پەیوەندییەکی ئۆرگانییە، بەڵام ئەو سێ دەزگایە خاوەنی سەربەخۆی خۆیانن، هیچ دەسەڵاتێك بۆی نییە دەستوەربداتە کاروباری دەسەڵاتەکەی تر تەنها بەگوێرەی یاساو لەکاتی پێویستدا نەبێت.

١١- هەرچەندە دەسەڵاتی شەرعی باڵاترین دەسەڵاتە لەوڵاتداو توانای یاسادانانی هەیە، بەڵام لەدەوڵەتی دامودەزگادا دەسەڵاتی یاسادانان سنور دەکرێت بەوەی تەنها دەسەڵاتی دەرکردنی یاسایان هەیە نەك جێبەجێکردنی، تاوەکو یاسادانەران بەگوێرەی بەرژەوەندی خۆیان یاسا دەرنەکەنو لەکاتی جێبەجێکردنیشدا لەحکومەت بپرسنەوە، بەمانایەکی تر ئەگەر مرۆڤ خۆی یاسا دەربکاتو خۆشی جێبەجێی بکات ئەوا یاساکان بەشێوەیەك دەردەکات کەروبەڕوی بەرپرسیارێتی زۆری نەکاتەوەو لەکاتی جێبەجێکردندا توانای هێنانەوەی پاساوی هەبێت.

١٢- لەدەوڵەتی دامودەزگادا یاسا لەسەرو هەمووانەو هەموو دەرچونێك لەیاسا، هاوڵاتیان لەسەر هەموو ئاستەکان لەسەرۆکی دەوڵەتەوە تاهاوڵاتیەکی ئاسایی، بەرپرسیار دەکاتو دەیانهێنێتە بەردەم دادگا.

١٣- شکۆی دەسەڵاتی دادوەری لەدەوڵەتی دامودەزگادا لەدادوەرکانەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکو لەخودی ئەو دەوڵەتەوە سەرچاوە دەگرێت کەئەو دەسەڵاتەی بەخشیوە بەدەسەڵاتی دادوەری.

١٤- هەرچەندە پەیوەندی نێوان دەوڵەتو کۆمەڵگە پەیوەندییەکی ئۆرگانی یەکتەواوکەرە، بەڵام دەوڵەتی دامودەزگا بۆی نییە سنورەکانی خۆی بسەپێنێتو دەستوەربداتە کاروباری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە..

١٥- هەرچەندە دەوڵەتی دامودەزگا دەوڵەتێکی زۆر بەهێزە، بەڵام ئەوە هێزێکی مەعنەوییەو لەو کەسانەدا چڕنابێتەوە کەدەوڵەت بەڕێوەدەبەن، بەڵکو لەسەراپای کۆمەڵگەدا بەحاکمو مەحکومەکانەوە بەرجەستە دەبێت.

# "شەفافیەت و بەرپرسیارێتی"

## ئامانجی بابەت :

ڕونکردنــەوەی هــەردوو چــەمکی شــەفافیەت و لێپرســینەوە وەك دوو ئەڵقــەی پەیوەنــدی گرنگــی نێــوان دەســەڵاتداران و ئەنـدامانی کۆمەڵگـە لەڕێگـەی پەرلـەمان و ئەنجومـەنی شـارەوانیەکان و ڕێکخـراوو فیدراسـیۆن و کۆمەڵە مەدەنیەکانەوە چاودێری ڕەفتارو هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران دەکەن. هەروەها جەختکردن لەسەر ئەوەی شەفافیەت تەنها چاکەیەك نییە لەلایەن بەرپرسەکانەوە لەئاست میللەتدا بینوێنن، بەڵکو ئەرکێکە دەبێت یاساو دەستوری بنـەڕەتی دەستنیشـانی بکـات. هـەروەها ئاگادارکردنـەوەی ئەنـدامانی کۆمەڵگە بەگشـتی و نوێنـەرانی کۆمەڵگـەو ڕێکخـراوە پیشـەیی و جەماوەرییـەکان لـەوەی کەدەشـێت هـەموو دەسـەڵاتێك گەنـدەڵی تێبکـەوێت ئەگـەرهاتوو بەشـەفافیەتی تـەواوەوە ئـەرك و کارەکـانی خـۆی جێبـەجێ نـەکات و لەلایـەن دەزگـا تەشـریعی و ڕێکخراوەکــانی کۆمەڵگــەی مــەدەنی و دەزگــای دادوەرییــەوە لێپێچــینەوەیان لەگەڵــدا نــەکرێت. هــەروەها ئاگادارکردنەوەی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەوەی کەئاشکراکردنی نهێنی و گەندەڵییـەکانی دەزگا بەرپرسەکان ئەرکێکی مەدەنی و دیموکراتی گرنگەو دەبێت لایەنە دەسەڵاتدارەکان ناچاربکرێن هەموو ئەو داتاو زانیاری و پسوڵەی دارایی و فەرمانە کارگێڕیانە بخەنە بەرچاوی ڕایگشـتی تا لـەڕەوتی کاری دەوڵـەت و شـێوازی سەرفکردنی پارەو سەروەت و سامان ئاگاداربکرێنەوە .

## پوختەی بابەت:

١/ شەفافیەت لەڕووی زمانەوانییەوە واتە ڕوون و ئاشکرایی، بەو مانایەی دیواری نێوان حکومەت و کۆمەڵگە دیوارێکی شوشەییەو کۆمەڵگە تا ئاستێکی زۆر ئاگاداری کردارو ڕفتارەکانی حکومەتە، چ وەك دەزگا و چ وەك کەسانی دەسەڵاتدار. شـەفافیەت لـەوڵاتی دیموکراتیدا بـەگوێرەی دەسـتوری بنـەڕەتی و یاسا بڕیـاری لێدەدرێت. هەرچەندە بڕێك لەڕەفتارەکانی حکومەت بەئاشکرا بۆ یەکبەیەکی ئەندامانی کۆمەڵگە پەردەی لەسـەر هـەڵناگیرێت بەڵام دەزگا تەشریعیەکانی وەك پەرلەمان و ئەنجومەنی نوێنەران و پیران چاودێری ئـەو ڕەفتارانـە دەکـەن و بڕێکـی بۆ ئەو کۆمەڵگەیە ڕوندەکەنەوە، بەشێکی تری کەپەیوەندی بەئاسایشی نیشتمانییەوە هەیە، تەنها لەهۆڵی دەزگا تەشریعەکاندا چاودێری دەکرێن و توێژیان لەسەردەکرێت.

لێپرسـینەوە بەشـێکی تـەواوکاری شـەفافیەتە، چـونکە شـەفافبوونی کـردەوەو ڕەفتارەکـانی لێپرسـراوان دەبێتــەهۆی چــاودێری و لێپرســینەوەی بــەردەوامیان لەلایــەن ڕایگشــتیەوە. هەنــدێکجار ڕایگشــتی لەڕێگــەی دەزگاکـانی کۆمەڵگـەی مـەدەنی و دەزگاکـانی ڕاگەیانـدنی ئازادەوە لەدەسـەڵاتداران دەپێچێتەوە، هەنـدێکجاریش لەڕێگەی دەزگا ڕەسمیەکان و پەرلەمان و دادوەرییەوە بەشێوازێکی ڕەسمی ئەو پرۆسەیە پەیڕەو دەکرێت.

٢/ جیاکردنەوەی دەسەڵاتە سەرەکیەکانی دەوڵەت: یاسادانان، جێبـەجیکردن و دادوەری، مـەرجی سـەرەکی و بنەڕەتی شەفافیەت و بەرپرسیارێتین، چونکە جیاکردنەوەی ئەو سێ دەسەڵاتە لەیەکتر دەبێتەهۆی ئـەوەی کـەهیچ

کام لەو سێ دەزگایە بەشێوەیەکی تاکڕەوانە بڕیارە گرنگ و چارەنوسسازەکان وەرنەگرێت و هەمیشە پرس و ڕا بگۆڕنەوە.

٣/ شەفافیەت مەرجی سەرەکی دیموکراسی و مەدەنیەت و دەوڵەتی و دامودەزگایە، چونکە مەحاڵە گەل بتوانێت پراکتیزەی دەسەڵاتی خۆی بکات ئەگەر ئاگاداری بەشی زۆری ئەو بڕیارانە نەبێت کەبەناوی ئەوەوە دەردەکرێن.

٤/ شەفافیەت مەرجی سەرەکی بەشداری سیاسی و دەستەبەرکردنی ئەو بەشدارییەیە بۆ زۆرترین ژمارەی کەس و کەرتەکانی کۆمەڵگە، چونکە دەسەڵاتی شەفاف هەمیشە حیساب بۆ رایگشتی دەکات و ئەو حیسابکردنەش بۆ رایگشتی بەشدارییپێکردنی خەڵکی ئاساییە لەبڕیاری سیاسیدا.

٥/ شەفافیەت دەبێتەهۆی ئەوەی کەدەسەڵاتداران بڕیاری سیاسی گرنگی وەك (بڕیاری شەڕ، بڕیاری هاوپەیمانییبەستن، بڕیاری تەرخانکردنی بودجەی گشتی) بەبێ گەڕانەوە بۆ گەل و ئیرادەی کۆمەڵگە خۆبەخۆ وەرنەگرن.

٦/ گرنگترین چارەسەر بۆ ریشەکێشکردنی گەندەڵی دارایی شەفافیەتە، چونکە نەبوونی شەفافیەت دەستی فەرمانڕەوایان والأدەکات لەبەردەم ئەوەی کەگەمە بەسەروەت و سامانی وڵاتەوە بکەن.

٧/ پارلەمان بەپلەی یەکەم و دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رۆژنامەی ئازاد گرنگترین کەناڵەکانی دیموکراتین بۆ شەفافکردنی کارو کردەوەو پرۆژەکانی دەسەڵاتداران، چونکە پارلەمان بەشێوەیەکی دەوری و رەسمی لەدەسەڵاتدارانی تەنفیزی دەپێچێتەوە. هەروەکچۆن دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و رۆژنامەی ئازاد لەڕێگەی سەرنجڕاکێشانی رایگشتییەوە لەدەسەڵاتداران دەپێچنەوە.

٨/ نەزاهەتی دەسەڵاتی دادوەری مەرجێکی گرنگی تری شەفافیەتە، چونکە شکۆیەکی ئەوتۆ بەدەستورو یاساکان دەبەخشێت کەدەسەڵاتداران حسابی بۆ دەکەن و سەرەنجام حساب بۆ کارو رەفتارەکانی خۆشیان دەکەن، چونکە لەوەدەگەن کەچەندە خاوەن دەسەڵات بن ناتوانن بڕیارو رەفتارەکانیان بشارنەوەو چاوی رایگشتی لێخافڵ بکەن.

٩/ لەو وڵاتانەدا کەشەفافیەت و بەرپرسیارێتی هەیە، هەموو هاوڵاتییەك هەست بەماڤی هاوڵاتیبوونی خۆی دەکات. چونکە بۆی هەیە لەدابەشکردنی بودجەی دەوڵەتداو لەڕێگەی داتا رەسمی و دەزگاکانی راگەیاندنەوە ئاگاداربێت و دەتوانێت لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا بەگوێرەی قورسایی خۆی گوشار دروست بکات و رۆڵی لەیەکالأکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردندا هەبێت، بەهەمان شێوە سەبارەت بەبڕیارە سیاسی و کارگێڕییە گرنگەکانیش.

١٠/ بیرۆکراسیەت مەرجێکی تری شەفافیەتە بەمەرجێك زیادەڕۆیی تێدا نەکرێت، چونکە سیستمی پلەبەندی و نوسینگەیی کارگێڕی ئەوە دەسەپێنێت کەهیچ دەسەڵاتدارێك بەبێ نوسراوی رەسمی بۆی نییە بڕیار وەربگرێت یان بەبێ پسوڵەی رەسمی پارە سەرف بکات. پاراستن و پێداچونەوەی نوسراوە رەسمیەکان لەلایەن بەرپرسەکانەوەو کەناڵەکانی رایگشتییەوە ئامرازێکە بۆ شەفافیەت و پاشان لێپێچینەوە.

١١/ بـەڵام زیـادەڕۆیی لـەبیرۆ کراسـیـەتدا دەبێتـەهۆی ڕۆتـینو شـاردنەوەی جومگـە سـەرەکییەکانی کـاری حکومی. هەربۆیە شەفافیەت ئەوە دەخوازێت کە لەنێوان فەرمانی سەرپێیی و زارەکی و کاری بیرۆکراسی پەرگیردا هاوسەنگی رابگیرێت.

# "هەڵبژاردنو بنەماکانی"

## کێشەی بابەت:

لەواقیعی سیاسی ئێمەدا، هەڵبـژاردن بوونێکی ئـەوتۆی نـەبووە، یان ئەگـەر هەشـیبووبێت ئەوا بەشـێوەیەکی روکەشانە بووە، بەجۆرێك خەڵکی هیچ متمانەیەکی ئـەتۆی بەهەڵبـژاردن نییـەو بایەخـە راستـەقینەکەی نازانێت. میراتـی دەیـان سـاڵەی دیکتاتۆریـەت لـەوڵاتی ئێمـەدا کـارێکی وایکـردووە هـەرگیز هاوڵاتیـان مـافی خۆیـان نـەزانن لەهەڵبژاردنو دیاریکردنی چارەنوسی ئەو کەسانەی نوێنەرایـەتیان دەکـەن لـەدەزگا باڵاکـانی دەوڵـەتو تەنانـەت دەزگاو نێوەندو نوێنەرایـەتی ئاسـایی لەئەنجومـەنو شـارەوانی و رێکخراوەکـانی کۆمەڵگـەی مەدەنیدا. زۆرجـار خەڵکی هەڵبژاردن وەك گەمەیەك تەماشا دەکەن کەدەسەڵاتداران بۆ هێشـتنەوەو درێژەپێـدانی دەسـەڵاتی خۆیـان پەنای بۆ دەبەن. هەڵبژاردن چەندین بنەمای یاسایی و کارگێری و کۆمەڵایەتی و فیکری هـەن کـە لـەواقیعی ئێمـەدا رەچاو نەکراونو بەکەم بایەخانە تەماشاکراون. مرۆڤ نـەك لـەبڕیارە گرنگو چارەنوسسـازەکاندا دەنگـی نـەبووە، بەڵکو لەسەر ئاستی خێزانی و کلتوری و کارگێرییە ئاساییەکانیش توانـای دەنگدانو هەڵبـژاردنی نـەبووە، مـرۆڤ نەیتوانیوە لەڕێگەی هەڵبژاردنـەوە گۆڕانکـاری لـەباری ژیـانو دەموچـاوی دەسـەڵاتداراندا ئەنجامبـدات. بۆیـە بـێ باكو خەم ساردی زۆر هەیە سەبارەت بەبەشداریکردن لەکاری سیاسیدا کەهەڵبژاردن رەگەزێکی سەرەکیەتی.

## ئامانجی بابەت:

تیشکخستنە سەر بایـەخی هەڵبـژاردن وەك کۆڵەکـەیـەکی سـەرەکی ژیـانی دیموکراتی و ملکەچکردن لەئاسـتی خواسـتی دەنگـدەران کەلەڕێگـەی هەڵبژاردنـەوە گوزارشـتی لێـدەکرێت. هـەروەها جـەختکردن لەسـەر ئـەوەی کەهەڵبـژاردن تـەنها رەفتـارێکی سیاسـی پـەتی نییـە بـەڵکو بەشـێکە لەکەینونـەو کبریـائی مـرۆڤو لەسـاڵەکانی سەرەتای ژیانی مرۆڤەوەو هەر لەمنداڵیەوە دەستپێدەکات کاتێك رێگە بەمرۆڤ دەدرێت خۆی شێوازی ژیانو شـێوازی حـەزو ئارەزوەکـانی هەڵبـژێرێت. ئێسـتا کـەعێراق و کوردسـتان، دوای روخـانی دیکتاتۆریـەت، بەوەرچەرخانێکی مێژوییدا تێدەپەڕن، هاوڵاتیان پێویستیان بەزانینی بایـەخی هەڵبـژاردن هەیـە، نـەك تـەنها وەك پرۆسەیەکی شارستانی کەپشتئەستورە بەچەندین بنەمای یاسایی و کلتوری و ئیداری بەڵکو پێویستی بـەجۆرێك لەهونەری دیموکراتی هەیە کەوڵاتە پێشکەوتووەکان ئەزمونی دەکەن، ئەگەرنا ئـەوا هاوڵاتیـان سـەرلەنوێ توشـی بێئومێدی دەبنەوەو بێباك دەبن لەئاست هەڵبژاردنو بایەخەکەیدا.

## پوختەی بابەت:

١. <u>**بنەما سیاسیەکانی هەڵبژاردن**</u>: سیستمی سیاسی وڵات دەبێت دیموکراتی و فرەیی بێتو لەسەر بنەمای شەرعیەت وەرگرتن لـەئیرادەو رای جـەماوەرەوە دامـەزرابێت. هـەروەها پێویسـتە دەسـتوری وڵات جـەخت لەسـەر

جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان بکاتو دان بنێ بەماف هاولاتیبووندا. بەو پێیەی هاولاتیان سەرچاوەی تەشریعو جۆری فەرمانڕەواییکردنن. بنەمایەکی سیاسی تری هەڵبژاردن بریتیە لەسەربەخۆییو سەروەی ولات کەدوور بێت لەهەر دەستێوەردانو لەخشتەبردنێکی دەرەکی، چونکە زۆرجار دەستێوەردانی دەرەکی، هەڵبژاردن بەئاکارێکدا دەبات کەبەرجەستەکەری خواستی راستەقینەی هاولاتیان نەبێت. دەبێت دەستوری ولات کێشەی نێوان پەیوەندی هەرێمەکانو زۆرینەو کەمایەتیو مەسەلە ئایینیو مەزهەبییەکان چارەسەربکات، چونکە هەرچەندە هەڵبژاردن رێگە بۆ ئەوە خۆشدەکات کەکەمینەی سیاسی خەبات بکات بۆ ئەوەی ببێتە زۆرینە بەلام هەندێك کەمینەی نەتەوەییو ئایینی هەن هەمیشە هەر بەکەمینەیی دەمێننەوە وەك( کورد لەعێراقدا)، بۆیە دەبێت دەستوری ولات لەرێگەی دیاریکردنی پۆستو دابەشکردنی بەرکەوتی هەرێمە جیاوازەکانەوە، کێشەی کەمینەو زۆرینە چارەسەربکات. بوونی فرەحزبو هێزی سیاسیو کۆمەلایەتی جیاواز مەرجێکی سیاسی هەڵبژاردنە، چونکە هاولاتیان لەدەنگداندا زیاتر لەهەڵبژاردنێکیان لەبەردەمدا دەبێت کەئەنجامی بدەن.

٢. **<u>بنەما رۆشنبیریو کۆمەلایەتیەکان:</u>** دەبێت هەموومان دان بەو راستیەدا بنێین کەهەڵبژاردن بەرلەوەی پرۆسەیەکی سیاسیو یاسایی بێت پرۆسەیەکی رۆشنبیریو کۆمەلایەتیشەو لەبچوکترین یەکەی کۆمەلایەتیەوە دەستپێدەکات کەبریتیە لەخێزان. مرۆڤ لەخێزانو پاشان لەباخچەو قوتابخانەدا فێری وانە سەرەتاییەکانی ئازادی هەڵبژاردن دەبێت، چونکە دیموکراسی جۆرێکە لەکلتوری کۆمەلایەتیو لە تاكو نوخبە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە هێز وەردەگرێت. (ئالان تورین) لەم بارەیەوە دەڵێت: دیموکراسی بوونی نییە ئەگەر توانای نوێنەرایەتیکردنی نەبێت. هەڵبژاردنی ئازادانەی فەرمانڕەوایان لەلایەن ئەو کەسانەوە کەفەرمانڕەوایی دەکرێن هیچ مانایەکی نیە ئەگەر ئەو کەسانە توانای گوزارشتکردنیان نەبێت لەداخوازییە تایبەتیەکانیان، یان ئەو خواستو پەرچەکردارانەی کەهەڵقولاوی (کۆمەڵگەی مەدەنی)ن. دەنگدەر بوونەوەرێکی کۆمەلایەتیە لەسەر بنەمای دیدو بۆچونو بەرژەوەندییە فەردیو دەستەجەمعیەکان دەنگدەدات، بەو پێیەی بەرژەوەندییەکان هەمەلایەنو هەمەجۆرن، هەروەها بەو پێیەی هەر دەنگدەرێك زنجیرەیەك پێداویستی دیاریکراوی هەیە کەپەیوەستن بەچالاکییە پیشەییو خێزانیەکانیانەوە یان پەیوەندیان بەپەروەردەکردنی ماڵو منداڵو ئاسایشو ئارامیەوە هەیە، هەربۆیە مەحاڵە هێڵێك دەستنیشان بکەین بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئەگەر داخوازییە کۆمەڵگەییەکان لەهەڵبژاردندا حسابیان بۆنە کرێت.

٣. **<u>مەرجە یاساییەکان:</u>** بوونی یاسایەکی روونو ئاشکرای هەڵبژاردن کە لەدەستووری ولاتەوە سەرچاوەی گرتبێت شتێکی ژیانییەو، پێویستە ئەو یاسایەش شێوازی خۆپالاوتنو دەنگدان لەسەر هەموو ئاستە سیاسیەکان دیاری بکاتو مەرجە یاساییەکانی پەیوەست بەهەڵبژاردنیش دیاریبکات. هەروەها بوونی یاسایەك سەبارەت بەکۆمەڵەو فیدراسیۆنەکان تاوەکو هەڵبژاردن لەپرۆسەیەکی سیاسیەوە ببێتە کلتورێکی کۆمەلایەتیو بەهەموو خانەکانی کۆمەڵگەدا بلاو ببێتەوە. هەروەها بۆ ئەوەی هەڵبژاردن نەبێتە فێڵێك کەدەسەلاتداران بەکاریبهێنن بۆ هێشتنەوەی دەسەلاتی خۆیان لەسەر حوکم پێویستە یاسای هەڵبژاردن بریار لەسەر ئەوە بدات کەخۆ پالاوتن بۆ پۆستە گرنگەکانی وەك سەرۆكو ئەندام پەرلەمانو پۆستە هەستیارەکانی تر تەنها بۆ چەند

**جارێکی دیاریکراو بێت (دوو جار بۆ نمونە) تا ئەو پۆستانە داگیرنەکرێن و بەشێوەیەکی ئاشتیانە گۆڕانکاری لەدەم و چاوی فەرمانڕەوایاندا بکرێت. جگە لەیاسای هەڵبژاردن پێویستە پەیڕەوو ڕێنمایی دەزگا ناوەندەکانی وەك زانکۆ و پەیمانگاو بەڕێوەبەرایەتیەکان و حزبە سیاسیەکانیش بکرێت بەشێوەیەکی دیموکراتی جەخت لەسەر مەرجە یاساییەکانی هەڵبژاردن بکەنەوە تا گۆڕانکاری لە ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی هاوڵاتیاندا بکرێت سەبارەت بە زانینی ماف و ئەرکەکانی لە هەڵبژاردندا.**

**٤. <u>مەرجە تەکنیکی و کارگێڕییەکان:</u> نابێت ئەوە لەیادبکرێت کەهەڵبژاردن جگە لەمەرجە یاسایی و سیاسیەکان خۆی لەخۆیدا ڕێوشوێنی تەکنیکی و کارگێڕی ئەوتۆشی هەیە کەپێویستی بەچەندین پلان و دەزگای پسپۆر هەیە تاوەکو پرۆسەکە بەشێوەیەکی سەکەوتووانەی دوور لەفێڵ و ساختە بەڕێوەبچێت. هەڵبەتە وڵاتە دیموکراتیەکان ئەزموونی دەیانساڵیان هەیە لەپەیڕەوکردنی پرۆسەی هەڵبژاردندا، بەڵام تاوەکو ئێستاش ساڵانە هەڵبژاردن لەدوای هەڵبژاردن هونەری نوێ دێننە ئاراوە لەپێناو ئاسانکردنی پرۆسەکەو خاوێنی زیاتردا. پێویستە مەڵبەندو دەزگای تەکنیکی و کارگێڕی جیاواز هەبن بەسەرپەرشتی شارەزاو فەرمانبەرانی کاراو دوور لەهەر دەستتێوەردانێکی سیاسی و حزبی بەهاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگای باڵای یاسادانان و دەزگای دادوەریدا بۆ دامەزراندنی نێوەندی پێویستی دەنگدان و دابەشکردنی دەنگدەران و ئامادەکردنی پسوڵەی پێویست و دیاریکردنی کات و وادەی پێویست و پاشان فەرزکردن و جیاکردنەوەی دەنگەکان لەماوەیەکی پێوانەیی کورتدا، پاشان دەرهێنانی ڕێژەی دەنگدان و ڕێژەی سەدیی لەسەر ئاستی مەڵبەندو ناوچە جیاوازەکان و ئاستە گشتیەکان. بۆ کارئاسانی زیاتر پێویستە سوود لەئەزموونی وڵاتە دیموکراتیەکان وەربگیرێت بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا کۆمپیوتەرو جیاکردنەوەی دەنگ لەڕێگەی ئامێرە ئەلکترۆنیەکانەوە بایەخی زۆری پێدەدرێت.**

# ناوی سەرچاوەکان


١. اوستن رينى، سياسة الحكم.ت : د. حسن علي الذنون . ( بغداد : المكتبة الاهلية ١٩٦٦ )، الجزء الثاني.

٢. ئالان تۆرین ، هاولاتیبوون . و: شاهۆ سەعید . گۆڤاری سەردەم ، ژ : ٣٢ ، ساڵی شەشەم ٢٠٠٤

٣. د. رياض الصمد ، مؤسسات الدولة الحديثة – دراسة مقارنة . _ بيروت : المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع ١٩٩٧ ).

٤. ج.س. هيرسون ، سياسات و افكار – دراسة تحليلية لمفهوم النظرية السياسية الاجتماعية . ت : صلاح الدين الشريف . ( القاهرة : مكتبة الانجلو المصرية ) .

٥. د. عمر احمد قدور ، شكل الدولة و اثرة في تنظيم مرفق الامن .( القاهرة : مكتبة مدبولي ، ١٩٩٧ ).

٦. ئالان تۆرین ، دیموکراسی بیرۆکەیەك لە تازەبوونەوەدا . و : شاهۆ سەعید ، گۆڤاری سەردەم ، ژ ٣١ ، شوبات ٢٠٠٤